# مۆنتینیگرۆ بڕیاری سەربەخۆیی دا

شاخەوان شۆڕش
24.5.2006

لە 21ی مای 2006 دا خەڵکی مۆنتینیگرۆ بە ڕێژەی 55 لەسەدا دەنگیان بۆ جودابوونەوە لە سربیا دا، بەمجۆرە کۆتاییان بە دوا پاشماوەی یوگوسلاڤیای یەکگرتوو هێنا. ئەوە کۆتایی هێنان بوو بە درۆی یەکیتی ئارەزومەندانە و برایەتیەکەی کە تیتۆ و هەوادارانی بانگاشەیان بۆی دەکرد.

مۆنتینیگرۆ وڵاتێکی بچوکە و ژمارەی دانیشتوانی لە یەک ملیۆن کەمترە، یەکێکە لەو وڵاتانەی بە یوگوسلاڤیا لکێنرابوو. دوای ئەوەی لە سەرەتای 90 ەکان کرواتیا، سلۆڤانیا، مەکەدۆنیا، بۆسنە یەک لەدوای یەک لە یوگوسلاڤیا جیابوونەوە، تەنها کۆسۆڤۆ و مۆنتینیگرۆ بە فەرمی لە چوارچێوەی یوگوسلاڤیادا مانەوە. کۆسۆڤۆ هەر بەناو و لەسەر کاغەز، چونکە دوای 1999 لە ڕیفەراندۆمێکی ناوخۆییدا بڕیاریاندا سەربەخۆ بژین و نەچنەوە ژێر چنگی سربان. دیارە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی نەیتوانی کۆسۆڤۆ ناچاری گەڕانەوە بۆ بەلگراد بکات، لەگەڵ ئەوەی پشتگیری سەربەخۆیی کۆسۆڤۆیان نەکرد.
هەرچی مۆنتینیگرۆیە، ئەوان بڕیاریاندا لەگەڵ سربیا یەکێتیەکی ئارەزمەندانە لە ساڵی 2003 دا دروست بکەن، بەشیوەیەک کە دوای سێ ساڵ بتوانن لەسەر جیابوونەوە ڕیفەراندەم بکەن. ڕۆژی یەکشەمە ریفەراندەمیان کرد و بە زۆرینەیەکی کەم سەربەخۆییان پەسند کرد.
45 لەسەدای خەڵک دەنگیان دژی سەربەخۆیی دا، ئەوانە زۆربەیان سرب بوون کە لە مۆنتینیگرۆ دەژین، یان مۆنتینیگرۆیی بوون و لەسنوری سرب دەژین و پەیوەندیان لەگەڵ سربان باشە.
یەکێتی ئەوروپا سنوری 55 لەسەدای بۆ پەسندکردنی ئەگەری بڕیاری سەربەخۆیی دانابوو، ئاستی دەنگی پشتگیری سەربەخۆیی ئەو سنورەی بە لاوازی تێپەڕاند. بەگوێرەی هەواڵەکان یەکێتی ئەوروپا هەڵوێستی پۆزەتیڤە بەرامبەر بە بڕیاری سەربەخۆیی مۆنتینیگرۆ. سەرۆکی سربیا پەسندی ئەنجامەکەی کرد، بەهەمان شێوە گەلێ لە کەسایەتیەکانی سربیا. ئەوەش کاردانەوەیەکی پۆزەتیڤە بەرامبەر بە ویستی خەڵکی وڵاتی مۆنتینیگرۆ.
گرنگە لێرەدا ئاماژە بە بوونی مافی جیابوونەوەی یاسایی مۆنتینیگرۆ لە بنچینەیاسای ستاتی سربیاومۆنتینیگرۆدا بکەین. جودابوونەوەکە یاسایی و دیموکراسیانە کرابوو، بەمجۆرە خەڵک مافی ئەوەیان درابوێ کە بتوانن ئازادانە بڕیار لەسەر چارەنوسی خۆیان بدەن. لەئەگەری نەبوونی مافی جیابوونەوەی یاساییانەدا، ئەگەر مۆنتینیگرۆ بڕیاری جودابوونەوەیان بدابایە، ئەگەری جەنگ و کارەسات زۆر بوو. وادیارە سربەکان لە وانە خوێناویەکانی ڕابردوو فێربوون، بۆیە پەسندی یەکێتی ئارەزومەندانەیان لەگەڵ مۆنتینیگرۆدا لە 2003 دا کرد.
لەگەڵ ئەوەی لە پێش 2003 دا زۆرینەی خەڵکی مۆنتینیگرۆ لەگەڵ سەربەخۆیی نەبوون، بەڵام سەرکردەکانی مۆنتینیگرۆ مکوڕبوون لەسەر بەیاسایی و دیموکراسیکردنی جیابوونەوە. چونکە ئەوان ئەگەری ئەوەیان دانابوو کە دەکرێ زۆرینەی خەڵک لەداهاتوودا دەنگ بۆ سەربەخۆیی بدەن.

دیاره ئەوان لەوەش گەیشتبوون کە ئەگەر مافی چارەنوس یاسایی نەکرێت، ئەوا مەترسی ڕوودانی کارەساتی شێوەی کارەساتەکانی بۆسنە ئەگەری دووپاتبوونەوەی هەبوو. بەکورتی ئەوەی سەرکردەکانی مۆنتینیگرۆ کردیان ئاماژە بە دوربینی ئەوان دەکات، ئاماژە بە ڕێزی ئەوان بۆ قورسایی و بڕیاری گەل دەکات. سەرکردەکانی مۆنتینیگرۆ بڕوایان بە هەنگاوی یاساییانە بۆ بەدیهێنانی ناسنامەی سەربەخۆی نەتەوایەتی گەلی مۆنتینیگرۆ هەبوو، هەروەها هەلویستی خەلکیشیان لەبەرچاو بوو.

ئەگەر بەراوردێکی کورت لە نێوان کوردستان و مۆنتینیگرۆدا بکەین، ئەوا کوردستان هەموو ئەو مەرجانەی ولاتی مۆنتینیگرۆی بۆ جودابوونەوە و سەربەخۆیی بەزیادەوە تێدایە. ئەگەر ڕاستەوخۆ دوای ڕووخانی بەعس باشوری کوردستان لە ئێراق جودا نەبۆوە، دەبوایە مافی جودابوونەوەی باشوری کوردستان وەکو ئەوەی مۆنتینیگرۆ بە یاسایی و دیموکراسی بکرێت.
خەلکی کوردستان هەمووی سەربەخۆیی دەوێت و ئەوەش لە ڕیفەراندەمدا سەلمیندرا، بەلام سەرکردایەتی کورد ڕێزی داخوازی خەلکیان نەگرت و ڕێگای بەغدایان هەلبژارد. لەگەل ئەوەی دۆزی کورد دۆزێکی گونجاوە سەبارەت بە سەرخۆبوون، لەگەل ئەوەی خەلکەکەی سەربەخۆییان دەوێ، بەلام سەرکردەکانی باشوری کوردستان مافی چارەنوس و جیابوونەوەیان نەکردە خالی بنچینەیی مەرجی مانەوەیان لە ئێراقدا.
گەلی کوردستان مافی چارەنوس و جیابوونەوەی لە بنچینەیاسای ئێراقدا بۆ نەنوسراوە. بۆیە ئەگەر کوردستان ڕێگای جیابوونەوە هەلبژێرێت، ئەگەری جەنگ و کارەسات هەیە. لەبەر نەبوونی مافی چارەنوس بانگاشەی یەکێتی ئارەزوومەندانە بنچینەیەکی ڕاستی نییە. ئەو یەکێتیەی ئێراق نائارەزومەندانەیە و بە گوشاری هێزی دەرەکی پێکەوەنراوە. چارەنوسی کورد زوو یا درەنگ جیابوونەوەیە لە ئێراق، کە ئەوەش بەیاسایی و دیموکراسی نەکراوە، بەرپرسیارەتی بەر لەهەر کەسێ بۆ سەرکردایەتی باشور دەگەڕێتەوە.

خۆزگەمان بە گەلی مۆنتینیگرۆ